ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

# ڕۆمانێکی فێمینیستی دەکرێتە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی "بەشی من" کە ڕۆمانێکی فارسییە، لەلایەن ڕووناک شوانییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و بەمزووانە لەلایەن ناوەندی غەزەلنووس چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

بەپێی هەواڵێکی ناوەندەکە کە لە واڵی خۆیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاویان کردووەتەوە، ڕۆمانی "بەشی من" یەکەمین بەرهەمی ئەدەبیی نووسەری ئێرانی، پەرینووش سەنیعییە کە لە ئێران بە یەکێک لە ڕۆمانە سەرنجڕاکێشەکانی ئەدەبی هاوچەرخ دەژمێردرێ و بەشێوەیەکی سەبر خوێنەر تا کۆتایی بەدوای خۆیدا رادەکێشێ".

ناوەندی غەزەلنووس لە وەسفی ڕۆمانەکەدا نووسیویەتی: "ئەم ڕۆمانە فرەڕەهەندانە کار لەسەر دنیای مێیینە دەکەن، بە وردەکارییەوە کێشەکانی ژن لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، چ وەک کچێکی هەرزەکار، چ وەک دایک و دواتر بێوەژنێکی منداڵداری سنوور بۆ کێشراو کە دەبێت لەنێو ئەو چوارچێوە تەسکەدا و لە خەمی نان پەیداکردندا بێت، تا دەگاتە قۆناغی پیری و تەنیاییەکی کوشندە، دەخاتەڕوو. هەموو ئەمانە لە سایەی کۆمەڵگەیەکی کۆنسێرڤاتیڤی پیاوسالاردا. بۆیە دەتوانرێت ئەم ڕۆمانە لە خانەی ڕۆمانێکی فێمینیستیدا پۆلێن بکرێ".






# سەباح ڕەنجدەر دوو کتێب بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

سەباح ڕەنجدەر، نووسەر و شاعیر، دوو کتێبی نوێی خۆی بەشێوازی چاپی ئەلیکترۆنی بڵاوکردەوە، یەکێک لە کتێبەکان شیعرە و ئەوەی دیکەیان پەخشانە شیعرە.

ئەم دوو بەرهەمە بەناوەکانی "حەزدەکەم ئەوەندە بژیم" و "دواکەوتن لە کەشتیی نوح"ن کە هەریەکەیان چەند دەقێکی شیعری لەخۆدەگرن.

"حەزدەکەم ئەوەندە بژیم" چەند دەقێکی شیعریی ڕەنجدەر لەخۆدەگرێ و لە 209 لاپەڕە لەخۆدەگرێت و شاعیر لە بەشێکی پێشەکیی کتێبەکەدا دەڵێت: "بەرلەوەی هۆگری نووسینی شیعر ببم، هۆگرییەکی ڕاستەقینە و هەست گەرمییەکی زۆرم بۆ خودی شیعر لا پەیدا ببوو. توانا سەرەتاییەکانم لە نێوان رایەڵەی ئەم دوو هۆگرییەمدا بواری خۆتاقیکردنەوەی لێ دەخواستم. بەڵێ ئەم خواستە، بوو بە مەبەست و جێگای بایەخ و وێناکردنی ژیان و دۆخ".

کتێبی دووەم "دواکەوتن لە کەشتیی نووح" لە 250 لاپەڕە لەخۆدەگرێت و لە بەشێکی پێشەکی کتێبەکەدا هاتووە "لە شیعردا بیرێک هەیە، تایبەتە بە شیعر خۆی. نە فەلسەفەیە. نە زانستە. نە ئایدیۆلۆژیایە، بەڵام پێکهاتەکانی شیعری هەموو تێدا رسکاوە و زەینی شاعیر دەپارێزێ".

سەباح ڕەنجدەر لە دایکبووی شاری هەولێرە، چەندین بەرهەمی چاپکراوی لە ژانری شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.






# کوردۆ کتێبێکی نوێی بڵاوکردەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

محەممەد کوردۆ، نووسەر و شاعیر، نوێترین کتێبی خۆی بەناونیشانی «هەمیشە جێیەک خاڵییە» چاپ و بڵاوکردەوە.

محەممەد کوردۆ بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: «کتێبەکە کۆکراوەی کۆمەڵێک وتارە کە پێشتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان بڵاوکراونەتەوە.

گوتیشی: «هەر لە سەرەتاوە گۆشەکانم بە هەناسەی کتێب نووسیوە، واتە کەمتر قسەوباسی ڕۆژ بوونە، کەمتر وتاری ڕۆژنامەوانی بوون کە تەمەنیان کورتترە».

نووسەر لە یەکێک لە بابەتەکاندا بەناوی «لەناو ئەسانسۆرێکدا» نووسیویەتی: «ژنێکی عاشق لە نامەیەکدا بۆ ئەو پیاوەی کە خۆشیدەوێت، نووسیویەتی: خەو بەوەوە دەبینم لەناو ئەسانسۆرێکدا لەگەڵ تۆدا بم، دەزانی بۆ؟ چونکە ئەسانسۆر بچووکە، ناتوانین لە یەکتری دوور بکەوینەوە. ئەو ژنە ڕاستی کردووە، لەناو ئەسانسۆردا هیچ شتێک ناتوانێت ببێت بە بیانوو بۆ ئەوەی، با بۆ چەند چرکەیەکیش بێت، دوو عاشق لە یەکدی دوور بکەونەوە».

محەممەد کوردۆ تاوەکو ئێستا 17 کتێبی بە چاپ گەیاندووە، لەوانە: خورپەی ناخ- نامیلکەی شیعری بەرباخەڵ 1991. ئەفسانەی پایز- شیعر 2000. چرپەی ناخ- شیعر 2001. ژنێک دەمرێ و پیاوێک بەچراوە نایە- شیعر 2005. جوانی و جیاوازی- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی 2009، دنیای سوهراب- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی 2011 و گوڵاوی دەستی یار- شیعر 2012.





عادل قادری



# خەڵاتێکی رەمزی بۆ نووسەرێکی رەمزی

## کاتێک کوردێک بە نیلی زاکس دەڵێ: سیمای ژیان و مەرگ لەیەکدی جوێ ناکرێنەوە!

ئەگەر ئەدەب بە یەکێک لە باڵەکانی هونەر بزانین کە لەسەر زمان و توانستی وێناکردن و خەیاڵ و بەگشتی "گێڕانەوە" ئیش دەکات، ئەوا لەمێژە تەنها دەرکەوتەی جێی هومێد و مایەی دڵخۆشیمان زۆرتر شیعر بووە. ئێمە بە هۆکارگەلی هێشتا نادیاری مێژوویی، بەردەوام زمانمان لە پانتاییەکی شیعریدا ئیشی کردووە. "زمان" پانتایی هەموو شکڵەکانی وجوودە و ئەدەب بە هەموو باڵەکانییەوە یەکێکە لە شکڵە درەوشاوە و پڕئیمکان و بزۆز و لەهەمان کاتیشدا پڕ مەترسییەکانی ئەم شکڵ و فۆرمەی وجوود. بەهۆی ئەم بزرییەی مێژوومان (مێژوو بە مانا هەرە گشتییەکەی) و نەبوونی مێژوونووسییەکی واقیعی (چ لەلایەن خود و چ لەلایەن ئەویدییەوە)، بەردەوام فاتیحان دەسپێک و کۆتایی مێژوویان بۆ خۆیان و خواست و هەژموونەکانیان دیاری کردووە و وەک دەڵێن: "بەم شێوەیەشە کە مێژوو لەلایەن فاتیحان و حاکمانەوە دەنووسرێتەوە". ئەدەبی ئێمە هەر لە سەردەمی خانی و نالییەوە تاکوو ئێستەش ئەدەبێک بووە سیاسی. یان بڵێم ئەدەبێک بووە بەهۆی ئەو دۆخە جیۆپۆلیتیکەی بەسەر جوگرافیای زمانەکەدا زاڵ بووە، سیاسەتسالار و سیاسەتزەدە بووە. کاریگەریی ئەم حاڵەتە بەسەر هەموو ئەدەب و زمانی ئێمەوە دیارە، بۆیەش ئەدەبی ئێمە بە واتایەک هەمووی ئەدەبی بەرگری بووە. بەرگری لە مانەوە و فەنانەبوون. ئەم دۆخە گشتییە درێژخایەن و لەمێژینەیە کە بەشێوەیەک تانوپۆی زمان و بیرکردنەوەی ئێمەی چنیوە، دەتوانین پێی بڵێین "واقیعی ئێمە". واتە واقیعێکی گشتیی کونکرێت و دڕ و بەرهەست کە هەموو جومگە بکەرەکان و ئەکتە جۆراوجۆرەکانی نەتەوە و کەلتوورێک دەخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە. لەم حاڵەتەدا بەشێک لە ئەدەبی کاریگەر و جددیی ئێمە رووبەڕووی واقیع بووەتەوە و لە هاوکێشە سەپێنراو و تۆپزییەکانی واقیعدا تەداخولی کردووە و خۆی تێهەڵقورتاندووە. لەڕاستیدا لەم رووەوە ئەدەب ئەوە نییە کە تەنها لە پێوەندییەکی دیالێکتیکی لەگەڵ واقیعدا بێت، بەڵکوو ریسالەت و ئەرکی دەبێت بە تێپەڕاندن و تەجاوزکردنی واقیع. ئەم ریسالەتە گەورەیەی ئەدەب بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقیع لە رێگەی هێزی خەیاڵ و خەیاڵکردنەوە دێتە ئاراوە، بە واتا گشتییەکەی ئەدەب لە رێگەی خەیاڵەوە هەوڵی دەستکاریکردنی واقیع و مانا دەدات. بۆیە تایبەتمەندی بەرگریکردن و بەرووەنان و تەحەداکردن یەکێک لە توخمە بەردەوام و ئامادەکانی ئەدەب بووە لە هەموو دونیادا. ئەدەبی جددی هیچکات وانوێنەر و نیشاندەرەوەی کۆمەڵێک دیسیپلین و مانیفێستی سیاسی یان کۆمەڵایەتی نییە کە لەناو نەریتەکانی کەلتوور و زمانێکدا خۆی سەپاندووە، ئەدەبی جددی بەردەوام لەگەڵ واقیعدا کێشەی هەیە و هێزێکە بۆ "نەء" گوتنی گەورە بە دۆخی ئامادە و لەسەرپێ. لێرەدا ئەدەب لەرێگەی هەموو توانست و وزە لەبننەهاتووەکانی خۆیەوە "زمان" بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی واقیعی نوێ و ئەزموونی نوێ ببەخشێتە زمان و ئاخێوەرانی زمان و، وەکوو گوتم ئەمەش لە رێگەی رووبەڕووبوونەوە و رەخنەکردنی جەمسەرێکی زەق و زاڵی ئایدیۆلۆژیک و دیسیپلینتەوەرەوە بەناوی واقیع، بەهۆی خەیاڵەوە ئەنجام دەدات. واتە وەکوو چۆن لەناو واقیعدا کۆمەڵێک دیسیپلین و یاسا و رێسا بەرگری لە مانەوەی دۆخەکە دەکەن، لە پانتایی خەیاڵیشدا و لە رێگەی دروستکردنی گەڵاڵە (plot) و میتافۆرەکانەوە ئەدەب ئەزموونێکی نوێ دەخاتە بەردەم بوونی ئینسانی و بەگشتی خودی واقیع. ئەم ریسالەتە واڵایە لە رێگەی ئەدەبەوە دێتە ئەنجام. ئەدەبێک کە بە جیهانبینییەکی پرسیارتەوەر و رەخنەکار و لە رێگەی خەیاڵەوە و لەناو زمان و وێنەکاندا واقیعی ترمان بۆ دەگێڕێتەوە و ئیمکانی وجوودی تازەمان بۆ دەکاتەوە.

لە مێژووی گێڕانەوەی چیرۆکیی ئێمەدا کە مێژوویەکی کەم تەمەن و کەم ئەزموونیشە، رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقیع و تەقاندنەوەی خەیاڵ لە چەقی دیکتاتۆریەتی واقیعێکی سیاسیدا نە تەمەنێکی وای هەیە و نەش دەنگانێکی بەهێز و زۆری هەیە. من بێ ئەوەی بمەوێت لەسەر هەموو دەنگ و سیما ئەدەبییەکان بڕیارێکی رەها بدەم و لە بازنەی داوەری و نرخاندنێکی یەکلاکەرەوەدا غەدریان لێ بکەم، دوو دەنگ و سیمای جددی و جیاواز لە ئەدەبی سێ دەیەی رابردوماندا لە باشوور وەکوو نموونەی دیاری باسەکەی خۆم دەخەمە روو. دوو دەنگ و سەمبوڵ کە بنمیچ و ئاسمانەکانی واقیع و خەیاڵی بەرتەسک و کۆیلەی واقیعیان بەزاند و توانییان لەناو زمانی کوردیدا ئەزموونی تازەتر بۆ ئینسانی ئێمە بخەنە روو: یەکەم شێرکۆ بێکەس و دووەم بەختیار عەلی. یەکەمیان شاعیرێک بوو کە لە واقیعێکی سیاسیدا بە خەیاڵێکی دەوڵەمەنتر لە مێژووی پێشووی شیعر و ئەدەبی ناو ئەو زمانەی ئیشی پێدەکرد، سیاسەتی کۆیلەی دەستی شیعر کرد و واقیعی خستە ژێر کاریگەریی خەیاڵەوە و دەرگای نوێی بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە لەناو زمانێکدا کردەوە کە تا سەر ئێسقان ئەو واقیعە سامناکە ئایدیۆلۆژیک و بەدیسیپلینکراوی کردبوو. سەمبوڵی دووەم سەرەڕای ئەوەی کە لە جیهانی شیعریشدا مۆدێلێکی دەوڵەمەند لە تەجاوزی واقیع و کردنەوەی ئاسۆی ناکۆتا و فرەڕەنگی خەیاڵی خستە روو، لە جیهانی گێڕانەوەی چیرۆکیشدا گۆڕانێکی بنەمایی و رابوونێکی دانسقەی هێنایە کایەوە، کە باسی من لەسەر لایەنی دووەمی سەمبوڵی دووەمە.

لە مێژە پانتایی چیرۆک و رۆمانی کوردی بە زۆری دوو فۆرم لە تێگەیشتن و گێڕانەوەی واقیعمان بۆ دەردەخەن، گێڕانەوەیەک لە واقیعێک کە لەناو کۆمەڵێک پەند و ئامۆژگاریی ئەخلاقی و وانەی جوامێری و دلێری و پاڵەوانی و حەماسەتێکی ئایدیۆلۆژیک و بەرتەسکدا نغرۆ بووە و هەر بەم توخمانەشەوە لە ئەدەب و چیرۆکدا ریوایەت دەکرا، ئەم واقیعە، واقیعی نەریتییە کە هێشتا شەقڵی دیسیپلینە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگەی نەشکاندووە. گێڕانەوەی واقیعی دووەم کە بەهۆی بوونی هێزە چەپ و مارکسییەکان لە کوردستان (زۆرتر لە باشوور) پەرەی سەند و ئێستەش هەندێ نوێنەری رەوایی بۆ پەیدا دەبێ. ئەم دوو فۆرمە لە گێڕانەوە و فامکردنی واقیع کە سنوورێکی ئەدەبی و رەوایەتی ئەوتۆشیان بۆ خۆیان دیاری نەکردووە تاکوو لەگەڵ خودی واقیع جوێ بکرێنەوە، بەرلەوەی بەرهەڵستکار و رەخنەگری خودی واقیع و دامودەزگاکانی بن، بەرهەمهێنەر و داکۆکیکاری هەر ئەو دیسیپلینانە بوون کە نەریتەکانی کۆمەڵگا و رەوتە چەپەکان دەیانگوتەوە و جێیاندەخست. گێڕانەوەی واقیعی دووەم دەشێت بە تەساموح و پارێزەوە بە تێڕوانینێک بۆ واقیعی سوسیالیستی سیاسی و چینایەتی لە شکڵێکی بەرتەسک و ئایدیۆلۆژیکدا ناوزەدی بکەین. لە هەناوی ئەم دوو فۆرمەی فامکردنی "واقیع" و پاش کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی گەورە و بچووک لە ناوچەکە و باشووری کوردستان، بەرەبەرە گێڕانەوەیەکی تازە سەری هەڵدا کە رەنگە بۆ دەستنیشانکردنی یەکەم دەنگ و نوێنەرەکانی پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ورد بێت. ئەم شکڵە تازەیەی گێڕانەوەی واقیع وەکوو جیهانبینییەکی فرەلایەن و پشتقایم بە خوێندنەوە و بیرکردنەوە لە ئەدەبی ناوچەکە و تا رادەیەکیش ئەدەبی دونیا و شارەزا لە تیۆری




و رەوتە ئەدەبییەکان و فامکردنی دەوڵەمەندیی جیهانی گێڕانەوە و تەکنیک و شێوازەکانی، خۆی مانیفێست کرد و تا ئێستەش هیچ دیسیپلینێکی دەستنیشانکراو و سنووردراری بۆ خۆی دانەناوە. ئەم کرانەوەیە بەهەر هۆکارێک بێت، دەرفەت و ئاسۆیەکی تازە بوو لە جیهانی ئێمەدا، بەڵام لە میانەی ئەم گۆڕانکاری و رووداوانە کە لە پانتایی واقیع و گێڕانەوەی واقیعدا روویدا، یەک توخم و ئیلیمان نەگۆڕ و پێ داکوتاو مایەوە، ئەویش سیاسیبوونی زمانی کوردی بوو. ئەگەرچی رووداوەکانی ساڵی 1991 لە باشوور بەشێک لە واقیعی سەپێنراوی بەهۆی رووداوێکی خەیاڵاوی! بەڵام واقیعی (وەکوو کۆڕەو!) گۆڕی، بەڵام توخمێکی بنەمایی دانیشتووانی ناو ئەم واقیعە هەر هێما و دەلالەتێکی سیاسی هەبوو. تاقانە توخمی بەرگریکاری وجوود و بوونی ئینسانی و ئیتنیکی واتە زمان.

چونکە توخمی سەرەکی و ئامیانی راستەقینەی ئەدەبیش زمانە و زمانیش سەر بە نەتەوە و جوگرافیا و مێژوویەکی دیاریکراوە و ئەم زمانە خاوەنی دەسەڵات و دامودەزگای سیاسیی بەردەوام و جێگیر نەبووە، لە هەموو گۆشەی جوگرافیاکەیەوە

ئەوەی کە یەکەمجارە ئەم خەڵاتە بەر نووسەرێکی غەیری ئەورووپی وەکوو بەختیار عەلی دەکەوێت رووداوێکی گەورەیە

و لەلایەن زمانانی تری هاوسێوە وەکوو زمانێکی غەریب، دەشتەکی، سەر بە ئاخێزگەیەکی دێو و درنجان و لە دواجاردا سیاسی بینراوە. ئەم رەوتەی مۆرک کوتان بەسەر شوناس و زمانی نەتەوەیەکی وەکوو کورد بەرئەنجامی مێژوویەکی موتڵەقبین و میتافیزیکتەوەر و فاشیستییە کە لە ناوچەکەدا هەبووە، بۆیە ئێمە هەر لە کتێبە مێژووییە کۆنەکانی عەرەبەوە تا ئێستەش دەیخوێنینەوە کە زمان و نەتەوەی کوردی بوونێکی ئینسانی و مرۆییانە نییە و سەر بە ئەفسانە و دونیای دێو و درنج و مەخلووقاتی دەعجانی و سەیر و سەمەرەن. فارس وتورکیش ئەفسانەدارێژیی خۆیان هەیە لەم رووەوە و من ناپەرژێمە سەری. مێژووی ئەفسانە و ئایین لە رۆژهەڵاتی ناوین لێوانلێو بووە لە ئینکاری ئەویدی و کوشتنی ئەویتر و قڕانکردنی غەیری "خود". لەم گوزەر و ئاڕاستە زەمەنییەدا دەکرێ بەجورئەتەوە بڵێین کورد وەکوو قەوارەیەکی زمانی و کەلتووری و جەماوەری، بەر زۆرترین ئینکار و لەناوچوون و قڕان کەوتووە، بۆیە زۆریش سەیر نەبووە لە وەها هەلومەرج و زەمینەیەکی مێژووییدا ئەدەبی ئێمە تەنیا ئەدەبی "بەرگری" بووبێت. لەم رەوتەشدا گەلێ دەق و مانای درەوشاوە و ئیستاتیکی بەرهەم هێناوە، بەڵام وەکوو گوتم بەهۆی ئەو هەیمەنە سیاسی و ئایینییەی کە هەر لە سەردەمی ئیمارەتە کوردییەکانەوە تا ئێستەش بەسەر جوگرافیای گشتی و هەموو کیانی ناو ئەو جوگرافیایەدا زاڵ بووە، ئەدەبی ئێمە ئەدەبێکی بەرگریکار و تا رادەیەکی زۆر لۆکاڵی و ناوخۆیی بووە.

### سەرهەڵدانی "تاک" وەکوو وەگێڕی نوێ بۆ واقیع

#### (بەختیار عەلی وەکوو نموونە)

تەنها پاش کۆڕەوەکەی ساڵی 1991 و رووداوەکانی دواتری بوون کە ئەدەبی کوردی لە باشوور و لە عێراق و ئێران خۆی مانیفێست کرد و دوای چەندین ساڵ رێچکە و ئاسۆیەکی رەنگینی لەناو خوێنەر و نەشرەکاندا بۆ خۆی دۆزییەوە. بەم حاڵەشەوە، بەهۆی ئەو کەلتووره سیاسی و شاخاوییەی کە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان (باشوور) لەماوەی چەندین ساڵ جەنگ و یاڵەویاڵ و ژیانی شاخ جێکەوتبوو، فەزا و رۆحیەتێکی پۆپۆلیستی و رەشەخەڵکێتی برەوێکی ترسناکی پەیدا کردبوو، فەزایەک کە بەهۆی حەماسەتی ژیانی شاخ و دۆخی پڕترس و بێ هێوری و بێ دەرفەتی بیرکردنەوە، پاڵەوان و جوامێر و دلێری بە کۆمەڵێک دیسیپلین و نرخەوە مانیفێست دەکرد، ئەمە نۆرمێکی ترسناک بوو کە لە شاخەوە و پاش شۆڕش هاتەوە ناو شار و تائێستەش بەشێکی زۆر لە جومگە سەرەکییەکانی ژیانی شار و کەلتووری شار بەڕێوە دەبات. لە ئاوەها هەلومەرجێکدا تەنها "تاک"ەکان دەتوانن ریسکی گێڕانەوەیەک بکەن بۆ بەگژداچوونەوەی واقیعێکی بەتاڵ لە هەڵوێستە و لێوانلێو لە سۆز و حەماسەتێکی بەسەرچوو و بەرتەسک و بەدەوی. بۆیە دەڵێم لەم هەلومەرجە سامناکەدا ئەو هێزەی ئەدەبی ئێمەی بە ئاسۆیەکی پڕهومێد، بەڵام زۆر بەبەرەوەماوی ئێستە گەیاند "تاک" بوو. لێرەدا تاکەکان رووبەڕووی ریسالەت و ئەرکێکی چارەنووسساز و مێژوویی بوونەوە. چونکە ئەوان دەیانویست سنووری پێناسەکانی واقیعی سیاسی و سیاسەت و جەنگ و عەشق لە رێگەی جیهانبینی نوێ و خەیاڵ و زانستی تازەوە تێپەڕێنن. ئەوان (تاکەکان) لە دوو بەرەی سیاسی و فیکری- ئیستاتیکیدا رووبەڕووی واقیع بوونەوە. لە رووی سیاسییەوە ئەدیبانی جددیی ئێمە بەهۆی ئەو بێهیواییەی بە جەوهەری سیاسەت هەیانبووە، هیچکات ستایشکەر و پێداهەڵگۆی سیاسییەکان



بەختیار عەلی لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نیلی زاکس

نەبوون. لە رووە فیکرییەکەشیدا هەر ئەم تایبەتمەندییەی سرک و یاخیبوونی تاکەکانە کە ئەدەب لە فۆرم و شکڵی کۆن دەردەکات و دەیهێنێتە ناو دیسکۆرسێکی نوێ و خودی ئەدەب دەکاتە دیسکۆرس. مێژووی ئەدەبی گەلان شاهیدی ئەوەیە کە ئەدەب، لە رێگەی تاکەوە زەنگین و پاراو و گەشەدار دەبێت. کافکا و کامۆ و دۆستۆیڤسکی و ... تاکگەلی هەڵهاتوو و پەراوێز کەوتوو و غەوارەی جیهان و واقیع و سەردەمی خۆیان بوون، بەڵام هەر ئەوان بوون دەریانخست کە کەمترین هەڵەیان لایە و جوانترین و قووڵترین بەشیان لە حەقیقەت بۆ ئێمە و خۆیان گێڕاوەتەوە. بەهۆی پێوەندیی دانسقە و تایبەتی تاک بە واقیعەوە، گێڕانەوەی نوێ وەکوو "رووداو" دێتە پێناسەکردن. رووداوێک کە بازنەی توخم و تەکنیک و فەزای پێشووی سەپێنراوی واقیع دەبەزێنێت و لە رێگەی خەیاڵەوە واقیعی نوێ پێناسە دەکات. واقیعی نوێ دەخاتە بەردەم کۆی کەلتوورێک کە لەناو پێکهاتێکی ئایدیۆلۆژیکی سیاسی و نەریتیدا خەریکە نغرۆ دەبێت، بۆ ئێمەی کورد بەختیار عەلی رووداوێک بوو کە ئاسۆی تێڕوانینی کەلتووری و ئینسانیی ئێمەی بۆ زۆر شت دەستکاری کرد و تەجاوزی نەریتە جێگرتووەکانی ناو کەلتوور و زمانمانی کرد. تەجاوز و تێپەڕاندنێک کە ئەگەر سیاسیبوونی زمانی کوردی لەمپەر نەبووایە، زۆر لە پێشتر و زووتر دەنگی دەگەیشتە سنوورەکانی دەرەوە.

ئەزموونی بەختیار عەلی لە قەوارەی کەسێکی حەقیقی و دیاریکراودا نەماوە و هەنووکە بۆ بەشێک لە جیهانی دەرەوە میتافۆڕ (metaphor) و خوازەیەکە لە جیهانبینی مرۆڤێکی "رۆژهەڵاتی ناوینی و کورد" کە هەموو توانست و وزەی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ. واتە ئەم نووسەرە هەنووکە میسداق و نموونەی رستەیەکی ئاندرێ مالرۆیە کە دەڵێت: "هونەر (ئەدەب) ستایشی ژیانە لە هەمبەر و باوەشی مەرگدا". هەموو رۆمانەکانی بەختیار عەلی لە هەمان کاتدا کە هەڵگری گێڕانەوەی تراژیدیا و مەرگ و ئازار و ئەنفال و توندوتیژی و ئایین و فاشیزم و جوانی و کەلتوور و شەڕ و عەشقن، لە خۆگری هەستانەوە و رابوونێکیشن بۆ ناو پانتایی ژیان و مانەوە. ئێمە لە شاری مۆسیقارە سپییەکان، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، ئێوارەی پەروانە، غەزەڵنووس و باخەکانی خەیاڵ... مەرگی دواجار و ئەبەدیی پاڵەوان و کارەکتەر نابینین، هیچ کارەکتەر و پاڵەوانێک مەرگێکی ئاسایی و بێ ناوەڕۆکی نییە، مەرگی جەلادەتی کۆتر بەرلەوەی نەمانبێت، پەیامێکە بۆ بکوژان و نەفسی ژیان و فەلسەفەی ژیان. غەزەڵنووس و باخەکانی خەیاڵ ململانێیەکی قووڵ و نەبڕاوەیە لە نێوان دوو جەمسەری واقیع و خەیاڵ، دەسەڵاتدار و هونەرمەند (ئەدیب، شاعیر و...)، مەرگ و ژیان... کۆشکی باڵندە غەمگینەکان پەیامێکە بۆ ئاسۆی تێڕوانینی مرۆڤی ئێمە بۆ عەشق و شار و جیهان و جوانی... لە هەموو ئەم رۆمانانەدا مەرگی راستەقینە روونادات، ئەوەی هەیە مانەوە و هەرمانە. ئەم شێوەیە لە گێڕانەوە

هەموو رۆمانەکانی بەختیار عەلی لە هەمان کاتدا کە هەڵگری گێڕانەوەی تراژیدیا و مەرگن، لە خۆگری هەستانەوە و رابوونێکیشن بۆ ناو پانتایی ژیان و مانەوە

تایبەتە بۆ رۆژهەڵاتی ناوین و ئەدەبی کوردیش.

### نیلی زاکس و مانای خەڵاتەکەی

نیلی زاکس شاعیر و شانۆنامەنووسی ئاڵمانیی بەڕەگەز جوو، پێش ئەوەی لە ساڵی 1940 لەدەستی نازییەکان بەرەو سوید هەڵبێت، دەیان جار ئازار و ئەشکەنجەی رۆحی و جەستەیی بینیوە و لە شیعرەکانیدا ئەم ئازار و قڕانکردن و کوشتوبڕە بە تۆخی ئامادەیە، ئەم خانمە ویژدانی زیندووی ناو مەرگەسات و دەنگی زیندەگی و مانەوە بووە کە لە هەمبەر مەرگ و فەنابوون وەستاوەتەوە و شاهید و وەگێڕی جیهانێک لە ئازار و شەڕ و جینۆساید و کوشتن و دڵەڕاوکێ و ترس بووە. خاتوو نیلی زاکس لە ساڵی 1960 خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرت.

خەڵاتی نیلی زاکس هەڵگری هەموو ئەو زایەڵانەیە کە لە شاهید و سەمبولێکی وەکوو زاکسدا ئامادە بووە و خەڵاتێکی زۆر گرینگیشە کە نووسەران و بیرمەندانێکی وەکوو میلان کوندرا، ئیریک فرۆم، نادین گۆردمیر، ئەلیاس کانیتی، کریستیا ڤۆلف، مارگریت ئەتود، دایڤید گریسمان وەریانگرتووە. ئەوەی کە یەکەمجارە ئەم خەڵاتە بەر نووسەرێکی غەیری ئەورووپی وەکوو بەختیار عەلی دەکەوێت رووداوێکی گەورەیە. چەقی رووداوەکەش لێرەدایە زمانێک کە لە رۆژهەڵاتی ناوین هێشتا فۆرمێکی فەرمی و دانپێدانراوی بەتەواوی وەرنەگرتووە و لەو وڵاتانەی کوردی لێیە بەشێوەی جۆراوجۆر رەتدەکرێتەوە و وەکوو زمانێکی نائاسایی و نایاسایی دەزانن، دەچێتە نێو ئەدەب و ئیستاتیکا و جیهانبینی شارستانییەتی رۆژئاواوە. خودی ئەمەش مانای وایە

و ئەم جیهانبینییە لە جوگرافیایەکی پڕ خوێن و توندوتیژی و بناژۆخوازیی ئاینی و فاشیزمی دینی و نەتەوەیی وەکوو رۆژهەڵاتی ناوین و بە زمانێکی سیاسیکراو و ئایدیۆلۆژیازەدە و "بە کەمینە دانراو"دا، پەیام و هاوارێکی گەورەیە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، زایەڵەیەکی وەها بێگەرد و مەزڵووم و جوان کە سنوورەکانی ئەم جوگرافیایەی تێپەڕاند و خوێنەری رۆژئاوایی بۆ خۆی بینیوەتەوە.

بەدەرلەوەی ئەم رەوتەی دەرکەوتنی زمانی کوردی وەکوو پانتاییەک لە گێڕانەوە و فۆرمێک لە ئیستاتیکا بەکوێ دەگات، خەڵاتگەلی وەکوو نیلی زاکس کە بێگومان خەڵاتێکی سەمبولیک و گرینگە لە ئاستە ئەدەبی و مێژوویی و تەنانەت سیاسییەکەشیدا و رۆژی 10/12/2017 لە ئاڵمانیا و لە شاری دۆرتمۆند و لەلایەن پارێزگاری دۆرتمۆندەوە درایە نووسەر و بیرمەندی کورد بەختیارعەلی، خاڵێک کە لێرەدا جێی سەرنجە، ئەوەیە کە بەختیار وەکوو نوێنەری ئەدەبی رۆژهەڵاتی ناوین ناسێنراوە و ئەم خەڵاتە پەیام و رێزلێنانێکی گەورەترە لە جوگرافیای کوردستان و عێراق. وەرگرتنی ئەم خەڵاتە لەلایەن "بەختیار عەلی" وەکوو نوێنەری ئەدەبی رۆژهەڵاتی ناوین و بەهۆی وەرگێڕانی دوو رۆمانی گرینگی: "دواهەمین هەناری دونیا" و "شاری مۆسیقارە سپییەکان" پەیامێکی

ئێمە لە ئاستی جیهانبینی و زمانیدا بارگاوی و هەڵگری کۆمەڵێک مان و دەلالەتی یونیڤێرساڵ و جیهانگیرین کە سنوورەکانی ناوچەکەی بەزاندووە. خوێنەری رۆژئاوایی لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێ و ئەزموونی مرۆڤێکی رۆژهەڵاتی ناوینی ئاشنا دەبێت. خودی ئەم رووداوە تەجاوز و تێپەڕی هاوکێشە سیاسی و جیۆپۆلیتیک و کەلتوورییەکانی کردووە و دەوری تاکی کۆمەڵگای ئێمەی بە رادەیەکی سەیر دیاری کردووە. بەختیار ئیتر کەسایەتییەکی حەقیقی نییە و وەک گوتم سەمبولێکە کە دەرهاوێشتەی مێژووی خوێناویی جوگرافیایەکی گەورە (رۆژهەڵاتی ناوین) و بچووک (کوردستان) و کۆی ئەو جیهانبینییە ئەدەبییە تاکگەرایەیە کە لە خانی و نالی و گۆران و... هاتووە. هەرچەند بۆ ئەم رووداوە دەشێت زۆر شیکاری بکرێت و پێوەر و پێودانگی هەڵبژاردنی داوەران و رەخنەگرانی ئاڵمانی بۆ پێدانی ئەم خەڵاتە بە خوێندنەوەی دوو بەرهەمی نووسەر هەڵبسەنگێنین، یان لایەنی سیاسی و پەیامی فیکری و شارستانی و ئەدەبیی ئەم هەڵبژاردنە یان زۆر شتی دیکە، هەموو ئەمانە بۆیە پێویستن تاکوو ئێمە بتوانین لە سەرووی ستایش و دڵخۆشیی بچووکەوە چاو لەم رووداوە بکەین و بەردەوام بە بیری خۆمانی بهێنینەوە کە ئەدەبی بەختیار گێڕەرەوەی مێژوویەک لە




شکست و خوێن و مەرگ و کارەسات و تراژیدیای گەلێک بووە، هێشتاکە ئازار و ئەشکەنجە لە هەموو رەهەندێکەوە پێوەی دەگلێن، واتە ئەدەبی بەختیار گەرچی گێڕەرەوەی ئازار و مەرگ و کارەساتە لە چەقی ژیان و هەوڵدان بۆ مانەوە، بەڵام پشتگوێخەری ئەو برینە قووڵانە نین کە هەموو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوینی گرتووەتەوە. ئێمە دەتوانین لە زۆربەی رۆمانەکانیدا توخم و نیشانەی جیهانگیر و ئینسانی بدۆزینەوە کە تەعبیر لە خوویەکی بەدەوی و دڕ و فاشیستی لە شارستانییەتە لەمێژینەکانی رۆژهەڵاتی ناوینە، بۆ نموونە ئەگەرچی لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا پێوەندیی مەرگ و هونەر و نەمری لە رووداوەکانی ئەنفال و هەناوی جەنگەکان باس دەکات، بەڵام ناوێکی وەکوو "نەقیب سامیری بابلی" وەکوو نیشانە تەنها ئاماژە نییە بە ئەفسەرێکی بەعسی عێراقی کە لە هەشتاکاندا دەسەڵاتی سیاسییان گرتووەتە دەست، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ شارستانییەتێک بەناوی بابل کە هەر لەم جوگرافیایەدا ئامادە بووە و خۆی بەناو ناخودئاگای دەستەجەمعی و نیشانەکانی ژین و کەلتووری مرۆڤانی دانیشتووی ئەم ناوچەیەدا پەلکێش کردووە تاکوو سیستەمگەلی فاشیستی کە سەرچەشن و نموونەی هەرە دیاریان بەعسە، لەدایک بن. ئەم خەڵاتەی نیلی زاکس بۆ ئەدەبی کوردی وەکوو نوێنەری ئەدەبی رۆژهەڵاتی ناوین بەر لە هەر شت خەڵاتێکە لە قووڵایی مەرگ و شکست و نەمانەوە دێت، خەڵاتێکە بۆ شاهیدان و وەگێڕانی کارەسات و مەرگ و تراژیدیا و شکست، خەڵاتێکە بۆ ستایشی ژیان لە ئامێزی مەرگدا، توحفەیەکی بچووک و ناچیزە بۆ هەموو ئەوانەی لەهەمبەر مەرگدا رادەوەستن و پێش ئەوەی خۆیانی پێ بسپێرن، چاولەچاوی دەکەن و سام و ترسی ئەو هەیکەلە بۆ چەند چرکەیەکیش بێت دەگێڕنەوە، ئەم خەڵاتە دیارییەکی سەمبولیک بوو بۆ قوربانیانێک کە شاهیدی جەلاد و ریچواڵی قوربانیکردن بوون، هەدیەیەکە بۆ ئەوانەی جەللادیان پێناسە کرد و ویستیان لە شوناسی قوربانی یاخی ببن و بۆ تۆزێکیش چییە لە رۆحی شاهید و وەگێڕی جەللاد و شەڕ و تووڕەییەکانی نێزیک ببنەوە. بەختیار عەلی دەڵێ: من ژیان و ئازارەکانی خەڵکی تر دەگێڕمەوە تاکوو ئازار و رەنجەکانی خۆم لەبیر بکەم. پێموایە خوێنەریش بۆیە ریوایەتی ئازار و رەنج بە زمانی بەختیار دەخوێنێتەوە تاکوو هەنگاوێک بەرەو سارێژبوونەوە و تەهزیب بڕوات، لە فەرامۆشییەوە بۆ سارێژبوون چارەنووس و هیوایەکی دووری واقیعی رۆژهەڵاتی ناوین و جوگرافیای کارەساتاوی کورد و دونیای پڕ ئازار و ناجێگیریی تاکی بابڕدووی کوردە. پیرۆز بێت ئەم خەڵاتەی مەرگ و شکست و گێڕانەوە و شەهادەتی شاهید و قوربانی. خەڵاتێک کە بۆ مەرگ دەدرێت، هەڵگری مانایەکی قووڵە لە نەمری و ژیانەوە. لێرەدایە دەبێت بەرگری لە دژوازییەک بکەین کە دەڵێی لە نەفسی و زاتی گەردوون و زەویدایە: مەرگ مانا دەبەخشێتە ژیان!

جوانرۆ 13/12/2017

# مەرگی سەگ

## کۆمەڵە چیرۆکێک نزیک لە واقیع بە شێوازی هونەری

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا



**سەرەتا:**

کورتە چیرۆکی کوردی لە باشووری کوردستان دوای حوسێن عارف و حەمەفەریق حەسەن و رەووف بێگەرد و ئەحلام مەنسوور و دکتۆر کاوس قەفتان و محەمەد موکری و شێرزاد حەسەن و حەمەکەریم عارف و جەلیل کاکەوەیس و شیرین ک و سەلاح عومەر و رەووف حەسەن و رەزا سەیدگوڵ و سابیر رەشید... ئەگەرچی بەرەو جۆرێک لە بێنازی چووە، بەڵام لەسەردەستی چیرۆکنووسانی وەک جەبار جەمال غەریب، عەتا محەممەد، ئارام کاکەی فەلاح، سیامەند هادی، کاروان کاکەسوور، دانا فایەق، فاروق هۆمەر، ئاکۆ کەریم مەعروف و یوسف عیزەدین و... بە شێوازێکی جیاوازی هونەرییەوە درێژەی هەبووە... دوای ئەو نەوەیە لە چیرۆکنووسان، چیرۆکی کوردی تا ئەندازەیەک پشتگوێ خرا، زۆربەی چیرۆکنووسان بیریان لەوە کردەوە کە لەبەرئەوەی رۆمانی کوردی لە حاڵی نەبووندایە، باشترە رۆمان بنووسن، ئێمە رۆمانمان نییە، با رۆمان بنووسین... پرسیار لەوە ناکەم بڕیاردان و حوکمدان و ئاراستەکردن و... هەموو ئەو تێگەیشتنانە بەهای هونەری نووسین دەشێوێنێ، بەڵکو پرسیاری من ئەوەیە، بۆ چیرۆکە هونەرییەکانی (حوسێن عارف) و دواتر (عەتا محەممەد)... نەیانتوانی لە بواری چیرۆکنووسیدا هێزی دیکە و نەوەی دیکەی جیاواز لە چیرۆکنووسان پەروەردە بکەن؟! ئایا لە هەموو دنیادا ژانری کورتەچیرۆک کەوتووەتە قەیرانەوە؟

ئەو پرسیارە و هیدیکەش هەڵدەگرم، نەک لەبەرئەوەی بەدواداچوونی جددی و بەرفراوان هەڵدەگرێ، بەڵکو چونکە قابیلی قسەی جیاواز و توێژینەوە و تێڕامانە. نەک لەبەرئەوەی قسە لە (مەولود ئیبراهیم حەسەن) وەک چیرۆکنووسێکی سەردەمی حوسێن عارف و شێرزاد حەسەن... دەکەم، بەڵکو چونکە مەعریفە و توانا و شارەزایی و خۆتەرخانکردنی زۆری پێویستە و کاتی دەوێت.

## 1

مەرگی سەگ (کورتە چیرۆک، دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن، هەولێر چ 1، 2017) ئەگەرچی لە کاتی خۆی چاپ نەکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە شێوە ناشیرینەکانی دەسەڵاتی بەعس و بونیادی دڕندەیی بەعس دەدوێ، لەبەرئەوەی دڕندەیی بەعس هەرگیز نابێتە رابردوو، بابەتی نێو ئەو کۆمەڵە چیرۆکەش هەرگیز نابێتە رابردوو... ئەو کۆمەڵە چیرۆکە فێرمان دەکات بەرەنگاری ستەم ببینەوە، لەپێناوی حەقیقەتدا بمرین، بەڵام بەو تێگەیشتنە نا کە مرۆڤ وەک قوربانی تەماشا بکرێت، ئەو بیرکردنەوە (مارکسییە) ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر بەسەر کولتووری مرۆڤایەتیدا زاڵ بوو، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ بیرکردنەوەی سەردەم ناگونجێ، ئەمڕۆ هەموو رووەکانی حەقیقەت پابەندی ژیاندۆستییە، نەک مەرگدۆستی، بەهای مرۆڤایەتی لە ژیاندۆستیدایە، نەک پابەندبوونی سیاسی.

ئەو کۆمەڵە چیرۆکە پێماندەڵێت مەرگ پێویستی بە ئازایەتی هەیە، بەڵام هاملێت پێماندەڵێ بیرکردنەوە وامان لێدەکات ترسنۆک بین. لە نێوان ئازایەتی و بیرکردنەوەدا ژیان فێرمان دەکات بڕوامان بە جیاوازی هەبێت، لە نێوان ئازایەتی و ترسنۆکیدا ژیان هەڵدەبژێرین.

بنەمای گێڕانەوە لەو کۆمەڵە چیرۆکەدا لە رێگای راناوی قسەکەر یان بەکارهێنانی شێوەکانی دیکەی راناو وەک خۆدواندن و خۆپێشخستن و خۆدواخستن بەرجەستە دەبێت، لە رێگای رووداو و بابەت و تەکنیکەوە ئەوەندە تێکەڵی ئازارەکانی مرۆڤ و یاخیبوون و چەوسانەوەی نەتەوەیی و بەسەرهاتەکانی ژیانی رۆژانە و ژیانی کولەمەرگیی کوردی دەبێت، خوێنەر وا دەزانێت کارێکی واقیعی لەپێناوی (بەرەنگاربوونەوە)دا دەخوێنێتەوە! بەڵام دەتوانم بڵێم کۆی ئەو چیرۆکانە لە وەشاندنی سیحری هونەری و لە بەجێهێشتنی جێکەوتەی بابەت گەشە دەکات، لە کۆی ئەو چیرۆکانەدا توانای گێڕانەوە و چنین و رووداو... بەرجەستەیە! ئەو توانا و سیحر و جێکەوتە هونەرییە لە چیرۆکی (بخوێنە خەمت نەبێت) نەک هەر راستەوخۆ لە ناونیشانی چیرۆکەکەوە دیارە، بەڵکو راستەوخۆ سیحری خۆی لە کاری داخوازی (بخوێنە)دا دەوەشێنێ...

بە دیوەکەی دیکەدا، شاردنەوەی ئاکامی چیرۆکەکان و ئاراستەنەکردنی خوێنەر، سیحری هونەری خوێندنەوە بەتامتر دەکات، نهێنی چنین و تەکنیکی چنینی بابەت لەو کۆمەڵە چیرۆکەدا مەتەڵێکە هەتا کاراکتەری سەرەکیش دەرئەنجامەکانی بە تەواوی بۆ یەکلایی نابێتەوە، بۆ نموونە پرسی (بخوێنە) لە ساڵانی حەفتاکان و لە کوردستان و بە تایبەتی لە شاری هەولێر قسەی سەرزاری گەوران بوو، بەڵام بەگشتی زاری گەوران لەبارەی خراپیی سیستمی پەروەردە داخراو بوو، زاری گەوران لەبارەی سیستمی دەسەڵات و دڕندەیی بەعس نەدەکرایەوە، زاری گەوران ئەگەر باسی کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی کردبا، چاپخانەی بە چاوی خۆی نەدەدیت؟!

جێکەوتەی رووداو، وەک بڕبڕەی پشتی چیرۆکەکانی (سەرهەڵدانەوە، ئایشە گوڵ، خاچ، بژاردن، مەرگی سەگ) دەبینرێت، کۆی جێکەوتەی رووداوەکان پەیوەندی بە واقیعی کوردی و نهێنیی چنینی بابەتەوە هەیە، هەرگیز چیرۆکنووس هونەری ئەو نهێنیانە ئاشکرا ناکات، نهێنیی یاخیبوون، رەسەنایەتی، بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و زۆرداری... پرسیاری جۆراوجۆری لەخۆدا هەڵگرتووە! دەشێ سەردەمی نووسینی ئەو کۆمەڵە چیرۆکە، سەردەمی یاخیبوون لە دەسەڵات و بەرەنگاربوونەوەی چەوسانەوە و گەڕانەوە بۆ رەسەنایەتی وەک جیاوازی بنوێنێ، دەشێ هەموو ئەوانە مرۆڤێکی بە جەرگ و جەربەزە و یاخی پەروەردە بکەن، دەشێ بەرجەستەکردنی بەهای مرۆڤایەتی و هەستی نەتەوایەتی و ئاسوودەیی ویژدان و بەرەنگاربوونەوەی چەوسانەوەی مرۆڤ بێت...

## 2

زەمەنی کۆمەڵە چیرۆکی مەرگی سەگ، رەگەزە گرنگەکانی گێڕانەوە تێکەڵ بە رەگەزی شوێن دەکات و فەزایەکی غەمگین بۆ ئەو کۆمەڵە چیرۆکە دەنەخشێنێ، کۆی کات و شوێنی ئەو کۆمەڵە چیرۆکە لەڕووی هەستەکییەوە ناکەوێتە نێو کۆی ئەزموونەکانەوە، واتە خوێنەر ناتوانێ لەناو ئەزموونە هەستەکییەکانی ئەو چیرۆکانەوە کۆی کات و شوێن بناسێ، ئەوەش دەمانخاتە بەرامبەر چەمکی داهێنانەوە، بەو مانایەی داهێنان کات و شوێن ناس ناکات! بە دیوەکەی دیکەدا، دەتوانم بڵێم زەمەنی گێڕانەوە لەو چیرۆکانەدا ئەوەندە بایەخ بە زەمەنی گوتار دەدات، ئەوەندە بایەخ بە زەمەنی رووداوەکانی گێڕانەوە نادات. ئێمە دەزانین زەمەنی گوتار زەمەنی خودی رووداوەکانیشە، بەڵام چیرۆکنووس بەشێوەیەکی هونەری و لە رێگای تەکنیکە ئیستێتیکییەکانی خۆدواخستن و خۆپێشخستن و فلاش باک و پەلەکردن و خاوبوونەوە، ئەو فەزایە لە گوتاری یاخیبوون، بەرەنگاربوونەوە، رەسەنایەتی رەگاژۆ دەکات.

ئەگەر پاراستنی نهێنی لە کۆمەڵە چیرۆکی مەرگی سەگدا پرسی تەکنیکی لەخۆدا هەڵگرتبێ، بەو مانایەی رووداوە واقیعییەکانی هەڵبژاردووە، ئەوە لەڕووی هونەرییەوە کاراکتەرەکان، جیاواز لەوەی لە دنیای واقیعدا هەیە، دەبینرێن! بۆ نموونە کاراکتەری چیرۆکەکانی (سەرهەڵدانەوە، خاچ، خۆنەدانە دەست) ئەگەرچی کاراکتەری یاخین، بەڵام یاخیبوونی ئەوان زۆر بە جوانی پەیوەستە بە سروشتی چیرۆکەکانەوە!

مرۆڤی یاخی زیتر هەڵگری مانایەکی سایکۆلۆجییە، مرۆڤی یاخی کەسێکە دژ بە دەسەڵات، بەڵام دەستبەرداری دەسەڵات نابێت، دەیەوێ خۆی دەسەڵات بگرێتە دەست! جیاوازیی نێوان مرۆڤی یاخی و مرۆڤی شۆڕشگێڕ ئەوەیە کە مرۆڤی شۆڕشگێڕ ئازادی دەوێت، هەنگاو بەرەو تەجاوزکردنی دەسەڵات دەنێ و پابەندی دەسەڵات نییە. مرۆڤی یاخی دژی دەسەڵاتێکە کە پێی رازی نییە، کەچی بەرانبەر دەسەڵاتێک کە پێی رازییە ئیجابییە. بەڵام شۆڕشگێڕ دەیەوێ سەربەخۆیی حەقیقی بەدەستبهێنێ و تینووی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات نییە. لەڕووی سیاسییەوە یاخی بە چاککاری رازییە و شۆڕشگێڕ گۆڕانی ریشەیی مەبەستە. لەکۆی ئەو قسەکردنانە دەمەوێ بڵێم کۆمەڵە چیرۆکی مەرگی سەگ سیحری خۆی لە چاککاریدا دەبینێتەوە.

بەدیوەکەی دیکەدا، دەشێ لەکۆی ئەو چیرۆکانەدا چەمکی یاخیبوون وەک چەمکێکی کامۆیی تەماشا بکەین، کامۆ (لە لاپەڕە 49ی- مرۆڤی یاخی- وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، کتێبخانەی ئەندێشە- سلێمانی 2012)دا دەڵێت: مرۆڤ بۆ ئەوەی هەبێ، دەبێ یاخی بێ، بەڵام لەو یاخیبوونەدا دەبێ رێز لەو سنوورانە بگرێ کە لەخۆیدا دیاندۆزێتەوە، ئەو سنوورانەی کە تیایدا مرۆڤەکان بەیەکەوە دەگەن و بەم بەیەکگەیشتنەش بوونیان دێتە ئاراوە. دەمەوێ بڵێم دەشێ کاراکتەری مەرگی سەگ هەوڵ بدات لە رێگای یاخیبوونەوە سنووری ئەویدیکە دیاری بکات، هەوڵ بدات لە رێگای یاخیبوونەوە بوونی خۆی بسەلمێنێ، هەوڵ بدات لە رێگای یاخیبوونەوە بەرەوڕووی چەوسانەوە و زۆرداری و ستەمکاری ببێتەوە.

## 3

سیحری رەسەنایەتی لەسەر گەڕانەوە بۆ ئەسڵێکی بنچینەیی دادەمەزرێ، رەسەنایەتی لە کولتووری رۆژهەڵاتدا زیتر ماهییەتێکی ئایینی هەیە، بەو مانایەش هەموو سرووتێکی گەڕانەوە و ئامادەکردنەوەی رووداوە سەرەتاییەکان، هەموو گەڕانەوەیەک بۆ دامەزراوەکان، هەموو سرووتێکی گەڕانەوە بۆ یادەوەریی نەتەوە... هەمان دنیابینی ئایینی دەنوێنێ؟ دەمەوێ بڵێم وشەی رەسەن وشەیەکی ئەدەبی نییە، چونکە ئەدەب داهێنانە، نەک گەڕانەوە.

دەشێ چیرۆکەکانی مەرگی سەگ بانگەشەی جۆرێک لە رەسەنایەتی بکەن، لەپێناوی خۆجیاکردنەوە لە گەمژەیی سیستمی دەسەڵات، دەسەڵاتێک کە کەسانی بندەست وەک کۆیلە تەماشا دەکات... بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە لەبیرمان بچێت، رەسەنایەتی گەڕانەوەیە بۆ ئەسڵێکی کۆن، بۆ رووداوی یەکەم! لەپشت رەسەنایەتییەوە دنیابینییەک هەیە، ئەو دنیابینییە هێزی نادیاری ئەو کۆمەڵە چیرۆکەیە، دەبێ ئەو هێزە خوێنەر ئاشکرای بکات! دنیابینی کۆمەڵە چیرۆکی مەرگی سەگ پابەندی وێنەی خۆیەتی، وێنەی مرۆڤی چەوساوەی رۆژهەڵاتی (یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوە و خۆنەدانەدەستە)، پابەندی زمانە شاراوەکە و ئەزموونی زمانە رەوانەکەی دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەنە! دەمەوێ بڵێم پابەندی شێوازی گێڕانەوە و کەشفکردنی ئەو دنیایەیە کە تێیدا ژیاوە.

بە بۆچوونی من هێزی نادیاری چەمکی رەسەنایەتی لەو کۆمەڵە چیرۆکەدا بە مانا هایدگەرییەکەی چەمکی نارەسەنمان یاد دەخاتەوە! هایدگەر دوو جۆر بوون دیاری دەکات کە بریتین لە بوونی رۆژانە و بوونی تایبەتی، مەبەست لە بوونی رۆژانە بوونی نارەسەن یان ساختەیە، بوونی تایبەتیش بوونی رەسەنی کەسەکە دەگرێتەوە. بوونی نارەسەن ئەو بوونەیە کە کۆمەڵێک کارتێکەری دەرەکی پێکیدەهێنێ، ئەو کەسە ژیانی رەسەنی خۆی نازێ و واز لە هەڵبژاردنی خۆی دەهێنێ و بوار بەوانی دیکە دەدات ئیمکانەکانی بوونی بۆ دیاری بکەن، بەڵام بوونی رەسەن، ئەو بوونەیە کە تیایدا خود هەست بە تاکێتی خۆی دەکات.

**بە کورتی:**

لە کۆمەڵە چیرۆکی (مەرگی سەگ)ی چیرۆکنووس (مەولود ئیبراهیم حەسەن)دا بنەمای گێڕانەوە، رووداو، کات و شوێن و کاراکتەر، خۆی لە نێوان وەسف و مەنۆلۆگ و دیالۆگدا دەبینێتەوە و چیرۆکنووس توانیویەتی لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا چەمکی یاخیبوون، خۆنەدانەدەست، رەسەنایەتی، بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و زۆرداری لە سروشتی چیرۆکەکانیدا بنەخشێنێ! کەواتە ئەگەرچی ئەو کۆمەڵە چیرۆکە لە کاتی خۆیدا چاپ نەکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی هونەری وەسفی زەمەن و شوێنێکی دیاریکراو دەکات، لەبەرئەوەی بەهای مرۆڤایەتی و هەستی نەتەوایەتی و ئاسوودەیی ویژدان و بەرەنگاربوونەوەی چەوسانەوەی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، لەبەرئەوەی شێوە ناشیرینەکانی دەسەڵاتی بەعس و بونیادی دڕندەیی ستەم بیردەخاتەوە... ئەو کۆمەڵە چیرۆکە هەرگیز کۆن نابێت و قابیلی خوێندنەوەی جۆراوجۆرە.





# ئیقبال لاهووری نەباتی لاهوور

کاروان کەریم خان

لاهوور ئەو شوێنەیە کە سەردەمێک هیندوستان بووە و دوای ئەوەی ئیسلام وڵاتی هیندی کردە دوو بەش، لاهوور کەوتە بەشی پاکستانی هیندوستانی گەورە.

لاهوور ئەو شوێنەیە کە کەسایەتی وەک ئیقبالی لاهووریی لێ پەروەردە بووە. لاهووری یەکێکە لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی پاکستان. نووسەر، سیاسەتزان، حەکیمی ئیسلامی، یاساناس، عاریف، ئەدیب و شاعیر و خەباتکار بووە. شیعرەکانی لاهووری بە زمانی دەری و فارسیین. بەشێکی شیعرەکانی سیاسی و ئەندێشەیین. وێڕای ئەوەی زانایەکی ئیسلامیی (خەتی سێیەم) بووە و زۆر لێکۆڵینەوە لەبارەی ئارای لاهووری کراون؛ بەڵام سەرنجی زۆری لەسەر تەجەدود و ڕێگای سێیەم بووە و دیدگای تایبەتی خۆی هەیە لەسەر مارکسیزم و کەسایەتی مارکس. لە شیعرەکانیدا بە دیدێکی جیاواز لەچاو ئیسلامییەکان باسی نیچە و مارکس دەکات، بۆ نموونە لە شیعرێکدا بە ئیهام بەم جۆرە لە مارکس دەدوێ:

**صاحب سرمایه از نسل خلیل**
**یعنی آن پیغمبر بی جـبرئیل**
**واتا:**
**(خاوەنی سەرمایە لە نەسلی خەلیلە**
**واتا ئەو پیغەمبەرێکە بێ جوبرەئیل)**

ئیقبال یەکێکە لەو کەسانەی کە بیری وڵاتێکی جیای وەک پاکستانی بۆ موسوڵمانان لەسەردا بوو، دواتریش ئەم بیرۆکەیە بووە واقیع. وڵاتی پاکستان کە تەمەدون و تاریخێکی کۆنی سەربەخۆی نییە، بە زۆری و لە ئەنجامی بیرکردنەوەی فەیلەسوف و نووسەری ئیسلامیی وەک ئیقبال لاهووری دروست بوو.

لاهووری، دکتۆرای لە زانکۆی کامبریج و میونیخ لە بەشی فەلسەفە وەرگرت و چەندین زمانی دەزانی. وەک فەیلەسوفێک، یان باشترە بڵێین حەکیمێکی ئیسلامی خاوەن ڕای تایبەتە و پێیوایە هزری ئیسلامی لەگەڵ فەلسەفەی یۆنان ناسازگارە. لاهووری لە زۆر مەیدانی

دیکەدا دەستی باڵای هەبووە وەک بیرکاری، جەبر و هەندەسە، دەروونناسی و فیزیک. جگە لە شیعری ئۆردوویی و فارسی، چەندین کتێبی داناون لەوانە: ناڵەی هەتیو، زانستی ئابووری، مێژووی هیند، ئەسراری خودی، ڕەمزەکانی بێ خودی، پەیامی ڕۆژهەڵات و زەبووری عەجەم، جاویدنامە، کەواتا دەبێ چی بکرێت قەومەکانی ڕۆژهەڵات؟، زیندووبوونەوەی فیکر لە ئیسلامدا و چەندین کتێبی دیکە بە زمانەکانی ئۆردوویی، فارسی، ئینگلیزی و عەرەبی.

لاهووری وەک شاعیرێکی میللی و خەباتکارێک لە دژی ئیستیعمار جێگایەکی بەرزی هەیە لە نێو خەڵکی پاکستان و وڵاتگەلی

ڕۆژهەڵات. جگە لە شیعر بە زمانی ئۆردوو، حەوت هەزار بەیتی شیعری کلاسیکی بە زمانی فارسی نووسیوە و بۆ ئازادی خەڵکی

ئێرانیش شیعری داناوە. کەسایەتی ئیقبال و هزری سیاسی و حیکمەتی ئیقبال ئەوەندە بڵاو و پێچاوپێچە کە لە زۆر وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا تێزی دکتۆرای لەسەر نووسراوە و زۆر کەسایەتی زانستی لە زۆر وڵاتان بە ئیقبالناس دەناسرێن. ئەوەی کە هەمیشە جێگای پرسیارە، ئەوەیە وڵاتی پاکستان خاوەن کۆمەڵگایەکی سوننەتییە و دۆخی ژیان لەوێ ئەستەمە و هزری ئیفراتگەرایی لەوێ لەجۆشدایە، بەڵام لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا، سەرەژنی خاوەن هزری مۆدێرنی وەک بێنەزیر بوتۆ هەڵدەکەوێ و کۆمەڵگای سوننەتی لەگەڵ بیری خۆی دەگونجێنێ. کەچی لەناو کۆمەڵگای مندا ژن هەیە وەزیرە، بەڵام خوێندەواری و بیرکرنەوەکەی هەو نییە. کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگەی پاکستانی- هیندوستانی کەسایەتی وەک لاهووری لێ هەڵدەکەوێ وڵاتی منیش پڕە لە نەهۆتی...

من زۆر تێکەڵ بە هزری لاهووری نەبووم و ڕەنگە بیری ئەوم قەبوڵ نەبێت، بەڵام وەک ژیرمەند و لێزان و شۆڕشگێڕێک دەیناسم.

نازانم بۆ ئەم ماوەیە ناوی ناوچەی لاهوور و ئیقبال لاهووریم لە زەین نارِوا، بەو نووسینۆکە دەمەوێ خوێنەر لە ناسینی پیاوێکی خۆشئیقبالی وە ک ئیقبال لاهووری بکەمە هاوبەش و نووسینەکە بە کراوەیی جێدەهێڵم، تەنها بە خوێنەر دەڵێم: با سەیری ئیقبال لاهووری ئەوان بکەین و با بەرهەمەکانی وەخوێنین و ببینین چ خۆشئیقباڵییەکی بۆ پاکستان هێنا.

بەڵێ ئەمە لاهووری ئەوان بوو.

# ئیرۆتیك له‌ شیعردا

هێرۆ کوردە





1- 3

ئیرۆتیک و ئەڤین ئەو دوو کۆڵەکەیەن کە لە شیعردا هەمیشە زەق و دیارن . بەشێکی زۆری شیعر چ لە مێژووی دوور و چ دوێنێ و چ ئەمڕۆ و لە ئەدەبیاتی هەموو جیهاندا، ئەڤین و ئیرۆتیک پێکەوە لەئامێز دەگرن. کاتێک شاعیر بەر هەستێکی ئەویندا‌ری دەکەوێت، چ خۆی ئەزموونی بکات یان کەسێکی دی، کاتێک حەز و تاسەی ئەویندارانەی لە جەستەیەکی جوان و ناخێکی ئەویندارانە دەئاڵێت، بە شیعر گوزارشت لە ئەوین و تاسەی دەکات، ئیرۆتیک و سێکس لە شیعر و دەقی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەدا هەمیشە هەبوون و هەن و دەبن، چونکە مرۆڤ ناتوانێ خۆی لە هەستی ئەڤین و سێکس بەدوور بگرێت.

"لە ئەدەبی دێرینی وڵاتی نێوان دوو زێدا، بە ڕاشکاوی باس لە پێکگەیشتنی سێکسی کراوە، بەلای ژنیشەوە ئاسایی بووە باس لە تامەزرۆیی خۆی بۆ جووتبوون بکات، سێکس سرووتێکی ئایینی بووە و تەنانەت لەشفرۆشی پیرۆزیش هەبووە لە نزیک پەرستگەکاندا ئەنجام دراوە" (1)، کردەیەک بەو جۆە بچێتە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە، زۆر ئاساییە و پێویستیشە لە شیعردا ڕەنگ بداتەوە و لە گەرووی گۆرانیوێژەکانەوە بگاتە گوێی هەمووان. سێکس لە ژیانی نووسەرانیشدا بەشێکی گرنگ و هەمیشە ئامادەیە "لە ئەدەبیاتی نووسراودا ئەوەی تا ئێستا زۆر گرنگە و لە کۆنەوە بۆمان مابێتەوە، چەندین شیعری سەردەم و چاخە کۆنەکان، تێکستە شیعری و پەخشانەکانی شارستانیەتی فیرعەونی و بابلی و فینیقی و ئارامی و سۆمەری و ...تاد بەڵگەن بۆ ئەو قسەیە".

(2)

ئیرۆتیک و پەیوەندیی جەستەیی بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی داگیر کردووە، چونکە تاسەی ئینسان و بەتایبەتی نووسەر کە لە خەڵکی ئاسایی زیاتر جەستەی خۆی دەناسێت، ناشکێت و بەردەوام لە هەوڵی قایلکردنی جەستەیدایە، ئەم هەوڵدانە ئەدەبییانەش هێندەی کۆنی کۆنن "لەڕێی خەتی بزمارییەوە ئاشنای چەندان دەقی ئەدەبی ئەویندا‌ری سۆمەری و ئەکەدی دەبین کە تایبەتن بە وڵاتی نێوان دووزێ و بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە" (3). شیعری ئیرۆتیکی و ڕەنگدانەوەی ئیرۆتیکا و ئەڤینی جەستە لە شیعردا تۆوی نەمری دەخاتە گیانی ئەو دەقە شیعرییەوە و وزە و ناوبانگ و خوێنەری زۆریش بە نووسەر دەبەخشێت، بەومەرجەی کردەکە هونەرییانە ئەنجام درابێت نەک ناشاییانە و بۆ دامرکاندنی حەزی جەستە، شیعر بێ ئەوین و ئەوین بێ سێکس نابن و ئەم دووەش لە شیعردا دووانەی پیرۆز و هەمیشە ویستراون "ئەوەی لە ئەویندا نائومێد بێت، تووشی خەمۆکی و دەردی بیرچوونەوە دەبێت، لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، بێ هۆکار پێدەکەنێت و چێژ لە خواردن و خواردنەوە نابینێت، ئەوەی کردەی جووتبوونی پێ ئەنجام نەدرێت توانای دەربڕینیشی لاواز دەبێت" (4)، بۆیە دەبینین زۆربەی

شاعیران لە تافی لاویدا شیعری ئەویندا‌ری و ئیرۆتیکییان زۆر دەبێت و لەتەمەنی پیریدا کانیاوەکەیان چک دەکات، گەر ئەمە بەهۆی لاوازبوونی توانای سێکسی و بەسەرچوونی تەمەنی ئەڤینداری نەبێت هۆکاری دیکەی نییە. سێکس و ئەڤین ئامانجن و نووسەران هەمیشە شوێنێک دەدۆزنەوە لە دەقەکانیاندا تاکو جێی ئەڤینی تێدا بکەنەوە "دەستەبژێری شاعیرانیش جگە لەوانەی لە ڕوانگەیەکی عیرفانییەوە ئەڤین دەهۆننەوە، عەشق لەپێناوی ڕازیکردنی ڕەمەکەکانیان و لە پێناوی بەرژەوەندیی هەستی خۆیاندا بەکاردەبەن و هەرواش دەیخەنە ڕستەی شیعرییەوە" (5). هەمووان ئارەزووی سێکس دەکەن، بۆیە دونیای بەرهەم و ئەدەبی ئیرۆتیکی هەمیشە ڕەواجی هەیە، تەنانەت ئەو شاعیرانەی ئیرۆتیک ڕەتدەکەنەوە، توانا و حەزی نووسینی ئیرۆتیکیان هەیە. ئەڤین شتێک نییە نووسەر خۆی لێ بەدوور بگرێت یان ئەڤینی بێ ئیرۆتیک و پەیوەندی ئیرۆسی قبوڵ بکات، "خۆشەویستی یاسای سەرەکیی بوونە، مرۆڤەکان تا زیاتر بەرهەڵستی بکەن، دوورتر دەکەونەوە لە حەقیقەت. لە خۆشەویستیدا ژیان واتە کرۆکی مرۆڤبوون و گەیشتن بە کەماڵی مرۆڤایەتی تەنها لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە بەدی دێت" (6)، گەر خۆشەویستی نەبێت، مرۆڤ چۆن بەرگەی ئەو هەموو سەختییە دەگرێت؟ ڕۆژگار ڕۆژ بەڕۆژ تەنگتر دەبێت و خۆشەویستییە دۆخەکە ئەهوەن دەکاتەوە و هیوا بە ئینسانەکان دەبەخشێت بۆ زیاتر مانەوە. نووسینەکانی زانای بەناوبانگی بایەلۆژی و زیندەوەرزانی چارڵس داروین ئەوە دەردەخەن کە بوونی سۆز و خۆشەویستی لە مرۆڤدا، شۆڕبووەتەوە بۆ ناو قوڵایی مێژوو، هەر پەیوەندی خۆشەویستییە کە نەوەی کۆنی بە نەوەی نوێوە گرێداوە، کەواتە یەکەم هۆکار و

کاریگەرییەک بۆ پێشکەوتنی بایەلۆژیی مرۆڤ بەردەوامبوونی ڕەگەزی مرۆڤ و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی سەرەتایی مرۆڤن، کەواتە بنچینەی ڕاگرتنەکە خۆشەویستییە نەک ڕەفتاری مرۆڤ، کارکردن لە شیعری ئیرۆتیکی پێویستی بە زمانێکی شیعریی تۆکمە هەیە، چونکە کردەکە لەسەر گواستنەوەی کەرەستە و هێماکانە بۆ زمان و شیعر "هەمیشە ناتوانین ئیرۆسیەتی ئینسانی بکەین بە ئیرۆسیەتی شیعری، چونکە مەرج نییە هەمیشە ئیرۆسیەتی ئینسانی بەرهەمی شیعری و بەتایبەتی ئیرۆتیکی لێ بخولقێت گەر زمان تۆکمە نەبێت" (7)، چونکە مەرج نییە هەموو بەیەکگەیشتنێکی ئەڤیندارانە، یان تێکەڵاویی دوو جەستە بتوانرێت بکرێتە تابلۆیەکی شیعریی ئیرۆسی، ئیرۆتیک بەرلەوەی گواستنەوەی وێنە و هێماکان بێت زمانە، زمانە وادەکات کردەیەکی سێکسی بەرهەمێکی ئەدەبی ناوازە بئافرێنێ، زۆرجار بینینی دیمەنێکی سێکسی سەرنجمان نابات بەرەو جوانبینی و چێژ، بەڵام بەدەقکردنی هەمان کردە چێژ بە زەینمان دەگەیەنێت ، بێگومان ئەمەش بەهۆی توانای زمانەوەیە. "لە مێژووی ئەدەبدا چەندین دەقی ئیرۆتیکی هەن کە ئیرۆتیکی شیعرین، هەروەها چەندین شیعر هەن لە ڕواڵەتدا ئیرۆتیکن، بەڵام تەنیا فۆرمە و شیعری نین، بۆیە جێدەست جێناهێڵن لەم ڕەوتەدا" (8)، ڕاستە سێکس ئامانج و بزوێنەری سەرەکی مرۆڤە وەک فرۆید دەڵێت، بەڵام لە ئەدەبدا ئەمە بەس نییە گەر زمانی شیعری نەبێت و وێنە و ڕستەکان پاراو نەکات، هەروەک چۆن کردەی سێکسی تاکە سەرچاوەی زیادبوونی مرۆڤایەتییە، ئاوها ئیرۆتیکاش شوێنێکی شیاوە بۆ گەشانەوەی زمان و سەوزبوونی، تا ئەمڕۆ کەس باسی مردنی زمانی نەکردووە کە چۆن لە دەقدا دەمرێت و کرێت دەکرێت، هاوکات لە دەقی جوانیشدا هاوشێوەی شیعری ئیرۆتیکی گەشە دەکات و دووبارە لە دایکبوونەوەی خۆی دەبینێت.

پەراوێزەکان

1. حەمە سەعید حەسەن، بەفر و گڕکان، 2008، لا 131.
2. (زانا خەلیل، ئیرۆتیک لە شیعری نالیدا، لا 20)
3. (حەمەسەعید حەسەن، بەفر و گڕکان، لا 131)
4. (هەمان سەرچاوە، لا 132)
5. (مهاباد قەرەداغی، تیشکۆی زمان و پشکۆی ڕامان، سایتی ڕەخنەی چاودێر، 2016)،
6. سەرچاوەی پێشوو
7. (مهدی نصیر، ایروتیکیه الشعر و الشعر الایروتیکی، موقع قاب قوسین، 2012)،
8. سەرچاوەی پێشوو